وێنەیەکی تەرجەمە کراوی دەقە عەرەبییەکەیە

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان: ١٠**

**ڕۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٢/٥/٢٣**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داوای وەزیری دارایی ونابووری و ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران ونەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(١٧)ی ڕۆژی (٢٠٠٢/٥/٢٢)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٢

**ماددەی یەکەم:**

بڕەپارەو ڕێژەو سنوورگەلی ڕەسمە عەدلییەکان کە دەقەکانیان لە ماددەگەلی (١٠ ١٥/یەکەم و دووەم،١٦ ١٧ ١٩ ٢٠/یەکەم ـ أ،ب،ج،٢١/یەکەم ،٢٢/ یەکەم،٢٣/یەکەم و دووەم،٢٤ ٢٥ ٢٦ ٢٧/یەکەم،٢٨/یەکەم وسێیەم و چوارەم،٢٩ ٣٤/ یەکەم و دووەم و سێیەم،٣٥/یەکەم ودووەم،٣٧ ٤٢/یەکەم ودووەم،٤٣ ٤٤ ٤٥ ٤٩/سێیەم و چوارەم و پێنجەم،٥٣/شەشەم و دەیەم)ی یاسای ژمارە (١١٤)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٨١)ی ڕەسمە عەدلییەکاندا هاتووە، لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا لەکاردەخرێن.

**ماددەی دووەم:**

بڕەپارەو ڕێژەو سنوورگەلی ڕەسمە عەدلییەکان وەک ئەمانەی خوارەوە دەبن کە بەرامبەر هەر ماددەیێ لە ماددەکانی یاسای ژمارە(١١٤)ی هەموارکراوی ساڵی(١٩٨١)ی ڕەسمە عەدلییەکان دیاری کراوە:

| زنجیره | مادده | برگه | پارەیڕەسم |
| --- | --- | --- | --- |
| ١ـ | ١ | — | ١٠٠٠ دینار. |
| ٢ـ | ١٥ | یەکەم | (٤٪) چوار لەسەد. |
| ٣ـ | ١٥ | دووەم | (٢٠) بیست دینار. |
| ٤ـ | ١٦ | — | (٢٠) بیست دینار. |
| ٥ـ | ١٧ | — | (٤٪) چوار لەسەد بەمەرجێ لە بیست دینار کەمتر نەبێ و لە هەزار دینار زیاتر نەبێ و دەعواکانی قەرزی لێ هەڵاوێردرێ (یستثنی) کە دەقەکانیان لە برگە (یەکەم)ی ماددەی(١٨)ی هەمان یاسادا هاتووە، ئەم دەعوایانە ڕەسمیان بە ڕێژەی(٧٪)ی بڕی قەرزە داواکراوەکەی لێ وەردەگیرێ. |
| ٦ـ | ١٩ | یەکەم | (٥٠) پەنجا دینار. |
| ٧ـ | ٢٠ | یەکەم ـ ا | (٥٠) پەنج دینار. |
| ٨ـ | ٢٠ | یەکەم ـ ب،ج | (٤٪) چوار لەسەد. |
| ٩ـ | ٢١ | یەکەم | (٥٠) پەنجا دینار.باقیمەنی ڕەسمەکەش بەڕێژەی (٤٪) وەردەگیرێ. |
| ١٠ـ | ٢٢ | یەکەم | (٥٠) پەنج دینار.باقیمەنی ڕەسمەکەش بەڕێژەی (٤٪) وەردەگیرێ. |
| ١١ـ | ٢٣ | یەکەم | (٥٠) پەنجا دینار. |
| ١٢ـ | ٢٣ | دووەم | (٤٪) چوار لەسەد. |
| ١٣ـ | ٢٤ | — | (٥٠) پەنجا دینار. |
| ١٤ـ | ٢٥ | — | (٢٠٠) دوو سەد دینار. |
| ١٥ـ | ٢٦ | — | (٤٪) چوار لەسەد بەمەرجێ لە(١٠٠٠) هەزاردینار زیاتر نەبێ. |
| ١٦ـ | ٢٧ | یەکەم | (٤٪) چوار لەسەد بەمەرجێ لە(٥٠) دینار کەمتر نەبێ و لە (٢٠٠) دووسەد دیناریش زیاتر نەبێ. |
| ١٧ـ | ٢٨ | یەکەم | (٤٪) چوار لەسەد.بەمەرجێ لە(١٠٠٠) هەزار دینار زیاتر نەبێ. |
| ١٨ـ | ٢٨ | سێیەم | (٢٥) بیست و پێنج دینار. |
| ١٩ـ | ٢٨ | چواردەم | (٢٠) بیست دینار. |
| ٢٠ـ | ٢٩ | — | (٤٪) چوار لەسەد. |
| ٢١ـ | ٣٤ | دووەم | بەمەرجێ لە(١٠٠٠) هەزاردینار زیاتر نەبێ. |
| ٢٢ـ | ٣٤ | سێیەم | (٢٠) بیست دینار. |
| ٢٣ـ | ٣٧ | — | بەمەرجێ لە(١٠) دینار کەمتر نەبێ و لە (٢٥٠) دووسەدو پەنجا دیناریش زیاتر نەبێ. |
| ٢٤ـ | ٤٢ | یەکەم | (٤٠٠٠)چوار لە هەزار. |
| ٢٥ـ | ٤٢ | دووەم | (٢٠) بیست دینار. |
| ٢٦ـ | ٤٣ | — | (٥) پێنج دینار. |
| ٢٧ـ | ٤٤ | — | (٥) پێنج دینار. |
| ٢٨ـ | ٤٥ | — | (٥) پێنج دینار. |
| ٢٩ـ | ٤٩ | سێیەم | (٢٥٠) دووسەدو پەنجا فلس لە هەر(م٢)ێکی ڕووبەر، بەمەرجێ لە (١٠٠) سەد دینار کەمتر نەبێ و، کەرتی دیناریش بە یەک دیناری تەواو لە قەڵەم دەدرێ. |
| ٣٠ـ | ٤٩ | چواردەم وپێنجەم | (٥٠) پەنجا دینار. |
| ٣١ـ | ٥٣ | شەشەم | (٥٠) پەنجا دینار. |
| ٣٢ـ | ٥٣ | دەیەم | (٥٠) پەنجا دینار. |

**ماددەی سێیەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە وەزیرە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**